

# کەڵکەڵەی زمان و وەرگێڕان

باران سەباح ئیسماعیل

نوسەری عەرەب (عەبدە وازن) لە وتارێکیدا بەناوی (وەرگێڕانێکی عەرەبی و ئافاتەکان) داخ و خەمی خۆی دەردەبڕێت، بەوەی لەم دواییەدا ڕۆمانێکی وەرگێردراوی ژاپۆنیی بۆ زمانی عەرەبی خوێندووەتەوە، تووشی چ شۆکێك لە ناپاکیی لە وەرگێڕان هاتووە. وەکو خۆی دەبێژێت "بێ زێدەگۆیی جگە لە هەڵەی چاپ 150 هەڵەی زمانەوانیم تێدا بینییەوە. کاتێك سەبارەت بەخراپیی ئەو وەرگێڕانەی لە ژاپۆنییەوە کرابوو لە بڵاوکارەکەم پرسی، کە یەکێکە لە هاوەڵانم وتی" ئەوە هەڵەیەك بوو و ڕوویدا، ئەگینا گەر کۆمەکی وڵاتی ژاپۆن نەبوایە لە بازاڕ دەیکێشایەوە. هەر بەکردەنییش پێش چەند مانگێك ڕۆمانێکی وەرگێڕاوی لەناودا و بەرگەی زیانەکەی گرت، ئەمەش دوای ئەوەی هەندێك لە برادەرانی تێبینیگەلێکی ڕەخنەگرانەیان داوەتێ..."1.

ئەمە قسەی ڕۆژنامەنووسێکی عەرەبە، جا وەرە گەلۆ، داخۆ ئێمەی کورد دەبێت چ بڵێین؟ بەدەگمەن کتێبێکی کوردی دەبینیت هەڵەی چاپی تێدا نەبێت، لەوە کارەساتبارتر هەڵەی زمانەوانییە.

کەم نوسەر و وەرگێڕی کورد بوێریی ئەوە دەکەن دەستنووسی خۆیان پێش لەچاپدانی بخەنە بەردەستی نوسەرێکی تر، یان هاوەڵێکی خوێنەری جدیی خۆیان پێیدا بچێتەوە، یان بەفیلتەری شارەزایەك لە زمانزانی کوردیدا تێپەڕێت.

"گونتەر گراس کە 1999 نۆبێلی لە ئەدەبدا وەرگرت، هاوکارێکی هەیە، یەکەمین کەسە، ڕەشنووسەکانی دەخوێنێتەوە و ئازادیی ئەوەیشی هەیە، بەڕاوێژ لەگەڵ نوسەردا، جوانکارییان تێدا بکات، تەنانەت مافی گۆڕین و لابردنی هەندێك ڕستە و پەرەگرافیشی هەیە. هیچ کام لە ڕۆمانەکانی گراس، ڕەوانەی وەشانخانە ناکرێن و ڕووناکی نابینن، ئەگەر ئەو هاوکارەی کە وەك دەستی ڕاستی وایە، ڕەزامەندیی لەسەر نەدابێت. ئەم بێفیزییەی ئەو نوسەرە گەورەیە، مایەی سەرسوڕمان و جێی ڕێزی هەموو ئەوانەیە کە ئەم ڕاستییە دەزانن."2.

لە دانیشتنێکدا لە یانەی ئەندازیارانی کەرکوك لەگەڵ بیرمەندی عەرەب (د. عەبدوڵا ئیبراهیم) و (فاروق مستەفا و هیشام قەیسی و بورهان ئەحمەد) دکتۆر عەبدوڵا باسی ئەوەی بۆ کردین، بەر لەوەی هەر دەستنوسێکی بۆ چاپ بنێرێت، دەیداتە مامۆستایەکی زمانی عەرەبی، کە دۆستی خۆیەتی و نوسەر نییە، لە بەرامبەر بڕێك پارە، بەدەستنووسەکەیدا دەچێتەوە و هەڵە زمانەوانییەکانی بۆ چاکدەکاتەوە.

هەڵبەت بۆ زیاتر زانین، د. عەبدوڵا بەبنەچە عەرەبە و دەرچووی بەشی زمانی عەرەبییە، تێزی دوکتۆراکەشی هەر لەسەر زمان و ئەدەبی عەرەبییە، کەچی ئینجاش جگە لە خاکەڕاییەکەی هێند خەمخۆری زمان و کتێبەکانیەتی هەروا بەئاسانی ناهێڵێت دەستنووسەکانی بەدەم هەڵەی زمانەوانییەوە ملی ڕێگەی چاپ بگرنەبەر.

زمان بەم ئاوایە بەرەوپێش دەچێت و گەشەدەکات. دەزگەی پەنگوینی ئەمریکی باوەڕی بێئەندازەی بەخۆ و بەکارەکانیان وای لێکردن خەڵات بۆ ئەوانە تەرخانبکەن، کە بتوانن هەڵەیەکی چاپ لە کتێبەکانیاندا ببیننەوە.

مخابن کام دەزگای کوردی ئەو بوێرییە دەکات شتی لەو بابەتە ڕابگەیەنێت؟ لە زۆربەی دەزگە کوردییەکاندا ئەوەی بەهای نەبێت هەڵەبڕە. وەکو کەسێکی شوێنگر و زیادە تەماشادەکرێت.

هەڵبەت ئەوە خاڵێکە بۆ چوونە ناو پرۆسەی وەرگێڕانەوە، ئەگەر بێین باسی پرۆسەکە خۆی بکەین، ئینجا تێدەگەین ڕەوشی وەرگێڕان لە کوردستان بەچ ئاقارێکدا دەڕوات! دەتوانم ناوی چەندین وەرگێر بێنم، کە بەئارەزوو و کەیفی دڵی خۆیان ڕستە و پەرەگرافیان لە دەقی وەرگێڕاوەوە پەڕاندووە، یان قرتاندووە!!

کاتێك ڕۆماننووسی جەزائیری واسینی ئەلئەعرەج داوای لێکردم ڕۆمانی (ماڵە ئەندەلوسییەکە) بۆ زمانی کوردی وەرگێرم، پێمگوت ڕۆمانێکی زۆر قەبەیە، نزیك 500 لاپەڕەیە ماندووم دەکات و سەبری زۆری دەوێت. پێیوتم: بەڕەزامەندیی من دەتوانیت نامەکان پشتگوێبخەیت و وەریان نەگێڕیت، ئەوکات خێراتر و زووتریش تەواوی دەکەیت، یانی نیوە بەنیوە کەمدەبووەوە. پێموت، شتی وا چۆن دەبێت؟ ئەوە ئەمانەتی ئەدەبییە، پاشان ئەی چی بەخوێنەران بڵێم لەکاتێکدا هیچ وەرگێڕێك مافی ئەوەی نییە لە هیچ دەقێکدا تەنانەت باز بەسەر ڕستەیەك و وشەیەکدا بدات؟ پاشان کتێبەکە لە مافی ئەو وەك نوسەر دەرچووە، تاکو ماف بەخۆی بدات و بەو شێوەیە بڕیاری لەبارەوە بدات.

بێگومان بەوە کارەکە بۆ من گەلێك ئاسان دەبووەوە، بەڵام ئەوکات ڕەنگە

ببوومایەتە بێ ویژدانترین و نائەمینترین وەرگێڕی کورد. خێرایی لە وەرگێڕاندا گرنگ نییە، هێندەی ئەوەی چی و چۆنی وەردەگێڕیت. ئەفلاتون دەڵێت "داوای خێرایی لە کاردا مەکە، بەڵکو داوای باشیی بکە، ئاخر خەڵکی پرسیاری ماوەی تەواوبوونی ناکەن، بەڵکو پرسیاری باشیی لە وەرگێڕانەکەیدا دەکەن".3

چ ویژدانێکە کەسانێك دەست بۆ وەرگێڕان دەبەن نەك هەر لە زمانی لێ وەرگێڕاو بەڵەد و شارەزا نین، بگرە لە کوردییەکەشدا بەهەمان شێوە لاوازن و لە وشە و ئیدیۆم و پەند و گەمەکردن بەوشە بێئەندازە بێ زەخیرە و بێ دەسەڵاتن و بۆنوبەرامەی زمانەکەی لە دەماری ڕستە و دەستەواژەکاندا شەپۆل نادات.

بێگومان ئامرازی وەرگێڕ زمانە، زمانیش بوونەوەرێکی زیندووە و هەمیشە لە گۆڕاندایە.

"وەرگێڕان پرۆسەی گواستنەوەی وشە بەوشە نییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی، هەروەها پیشەیەکی میکانیکی نییە، وشەیەك جێگەی وشە بیانییەکە بگرێتەوە".4

وەرگێڕان ڕێگەیەکە بۆ ناسینی ئەویتر و بەردەوامبوونە لەگەڵی، هەروەها دۆزینەوەی کارلێکی ڕۆشنبیری و ژیارییە لەنێوان دوو ژیاردا. هەستکردنە بەڕۆحی وشە و گەڕانە بەناو فەرهەنگاندا بۆ دۆزینەوەی شیاوترین و لەبارترینیان. وەرگێڕان خۆی لەخۆیدا دیالۆگە لەگەڵ کلتوورە هەمەڕەنگەکانی میللەتانی تردا، بگرە وەرگێڕان لە کایەی ڕۆشنبیریدا ڕۆڵی پەیامبەر دەبینێت و پەنجەرەیەکی ڕۆشنبیرییە بەڕووی کلتوورەکانی تردا دەکرێتەوە.

وەرگێڕان بۆ وەرگێڕی کارامە و پسپۆڕ دۆزینەوەیەکی تازەیە، ئالودەی دەبێت و ژیان و بوونی خۆی تێدا دەبینێتەوە. لای وەرگێڕی ئاشق بەوشە، هیچ شتێك هێندەی گەڕان بەدوای وشەی نوێدا چێژی نییە، لە گەڕانی ئەو ڕاوچییانە دەکات لە بنی دەریا بەدووی مرواریدا دەگەڕێن. هەڵبەت چەند دڵسۆزیی بۆ کارەکەت بنوێنیت، هێند تێیدا سەرکەوتوو دەبیت. چەندیش لە کارەکەتدا سەرکەوتوو بیت ئیشقت بۆی پتر دەبێت. بەکورتی وەرگێڕان کەشتییەکە گەنجینەیەکی بەهادار لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگوازێتەوە.

وەرگێڕێکی کورد پەنابردن بۆ فەرهەنگی بەشانکورتیی دانابوو، وای بۆ چووبوو، گەر هەر وەرگێڕێك لەکاتی وەرگێڕاندا فەرهەنگ بەکاربهێنێت، ئەوا ناتەواویی لە زمان و لە وەرگێڕانەکەیدا هەیە.

لەم بارەوە وەرگێڕی ناوداری بولگاری (س. فلۆرین) دەڵێت: "بەگشتی ئەو وەرگێڕەی بێ فەرهەنگ کاری وەرگێڕان دەکات، وەرگێڕ نییە!".5

فەرهەنگ یەکێك لە چەکەکانی وەرگێڕە، وەك جەنگاوەر دەبێت هەموو جۆرە چەکێك لە کاتی بەشداربوون لە شەڕدا بەکاربهێنرێت، بۆیە فەرهەنگ چەکی نوێی وەرگێڕ و کەرەستەیەتی لەکاتی وەرگێڕاندا.

بوونی فەرهەنگ وەرگێڕ دووردەخاتەوە لەوەی، وشە لە زمانەکەیدا

**بوونی فەرهەنگ وەرگێڕ دووردەخاتەوە لەوەی، وشە لە زمانەکەیدا دابتاشێت، یاخود وشەکانی دووبارە و سواوبن، هەروەها پتر ڕێگە والآدەکات گەمە بەوشە بکەیت و جوانترین و لەبارترینیان هەڵبژێریت. هەڵبەت وەرگێڕی نەشارەزا و ناکارامە ئەگەر «هەموو وشەکانی نێو فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە و فەرهەنگی خاڵ و فەرهەنگەکەی گیو موکریانی (فەرهەنگی کوردستان)یشی لە مێشکدابێ، بەڵام نەزانێ وشەکان چۆن بچنێ و لە پاڵ یەکیان دابنێت و لە پێکهاتەیەکی کوردانەدا هەڵیانشێلێت و بیانڕەنگێنێت، دیسان هەر زمانێکی سەقەت بەرهەم دێنێتەوە**



کۆنتەر گراس

دابتاشێت، یاخود وشەکانی دووبارە و سواوبن، هەروەها پتر ڕێگە واڵادەکات گەمە بەوشە بکەیت و جوانترین و لەبارترینیان هەڵبژێریت. هەڵبەت وەرگێڕی نەشارەزا و ناکارامە ئەگەر "هەموو وشەکانی نێو فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە و فەرهەنگی خاڵ و فەرهەنگەکەی گیو موکریانی (فەرهەنگی کوردستان)یشی لە مێشکدابێ، بەڵام نەزانێ وشەکان چۆن بچنێ و لە پاڵ یەکیان دابنێت و لە پێکهاتەیەکی کوردانەدا هەڵیانشێلێت و بیانڕەنگێنێت، دیسان هەر زمانێکی سەقەت بەرهەم دێنێتەوە".6

وەرگێڕی ناوداری ئەرمەن سۆرنیان دەڵێت"باشترین وەرگێران (بەڕای من) ئەو وەرگێڕانەیە خوێنەر هەستنەکات کتێبێکی وەرگێڕاو دەخوێنێتەوە".7

ڕۆماننووس بۆ نوسین هەمیشە ئاتاجی دوورەپەرێزییە، مەگەر وەرگێڕی ڕۆمان هێندەی ڕۆماننوس دوورەپەرێز و تەنیا بێت. وەرگێڕ ڕۆژانە پێویستی بەوەرگێرانی چەندین لاپەڕە هەیە، بۆیە هەموو ئەو ماوەیە دەبێت بەتەنیا ئەو کارەی ئەنجامبدات، بەتەنیا لەگەڵ خۆیدا بدوێت. بەتەنیا گەشت بەناو زمانەکەی خۆیدا بکات.

بڕواناکەم کەس هێندەی وەرگێڕ ئاشقی زمانەکەی خۆی بێت، ئاخر ئەوە وەرگێڕە ڕۆژانە پەیڤەکان زیندوودەکاتەوە و بەناو زمانەکەی خۆیدا، بەناو فەرهەنگی مێشکی و لاپەڕەی فەرهەنگەکانی کتێبخانەکەیدا تەراتێندەکات و لاپەڕەکانیان هەڵدەداتەوە. بۆ هیچ نا، تەنیا بۆ ئەوەی وشە، یان زاراوەیەکی لەبارتر و مۆسیقیتر بدۆزێتەوە.

ئەوە وەرگێڕە بەدوای جووڵە و ڕیتمی وشەی زمانەکەی و ئاواز و قورساییی پەیڤەکاندا دەگەڕێت. لای ئەو وشە تابلۆی پیرۆز و گرانبەهایە، بۆیە کاتێك وشەیەك لەبری ئەویدی دادەنێت، لای ئەو وەك ئەوە وایە لەبری بلۆکە ئاڵتوونێك بەهەمان کێش و قەبارەی ئەوەی پێشوو لە بلۆکە ئاڵتوونێکی تر بگەڕێت لە شوێنەکەی دایبنێت.

ئەوە تەنیا فەرهەنگنووسە پێش وەرگێڕ کەوتووە و دێوانەئاسا عەوداڵی زیندووکردنە و بووژانەوەی پەیڤەکانی زمانەکەیەتی. ئەوە ئەوە ڕۆح بەبەر ئەو

وشە دەگمەن و لەبیرکراو و بەسەرچوو و نەنووسراوانەی زمانەکەیدا دەکات و دەیانبووژێنێتەوە.

وەرگێڕێکی گەورەی ئێرانی هەمبەر بەداڕشتنێکی تەواو خۆماڵییانە، کە دوور نەبێت لە گەوهەر و سروشتی زمانە فارسییەکە، دەڵێت "جاری وا هەیە ڕستەیەك بە دە دوازدە جۆر دادەڕێژمەوە. وشەکان بارەوبار دەکەم، جێگۆڕکێیان پێدەکەم. لە باری مۆسیقایی و ئاوازی وشەکان و پێکهاتەی ڕستەکە ورد دەبمەوە، ئینجا خۆش ئاوازترینەکەیان هەڵدەبژێرم".8

پێوەر و مەرجەکانی وەرگێڕان زۆرن، من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە پێیاندا بێمە خوار و بیانژمێرم، یاخود ڕۆڵی ئامۆژگاریکار ببینم، بەڵام گرنگترین خاڵ، کە هەمیشە دەبێت جەختی لەسەر بکرێتەوە، بەلای منەوە یەکەمین مەرج وەرگێڕانە لە زمانی یەکەمەوە، نەك لە زمانی ناوەندەوە، واتە زمانی دووەم. کە پێیدەڵێن وەرگێڕانی وەرگێڕان. ئەوی هەژار پێیدەڵێت ڕیشت بەدەست کەسێکی دیکەوەیە "کەوابوو تەرجەمە تامی تەرجەمەکراو کەم دەکاتەوە. ئەمجار پرسیارێك دێتە پێش، ئەو تەرجەمانەی لە تەرجەمەوە، تەرجەمە دەکرێن دەبێ چۆن بن؟..."9.

لەم بارەوە وەرگێڕ و نوسەری گەورەی عەرەب جۆرج تەرابیشی دەڵێت:"نزیکەی 30 کتێبی فرۆیدم وەرگێڕا، بەڵام نەك لە زمانە بنەڕەتییە ئەڵمانییەکەیەوە، بەڵکو لە زمانی فرەنسییەوە. ئێوەش بەپەندە ئیتاڵییەکە ئاشنان، کە دەڵێت: وەرگێڕ خیانەتکارە Traduttore Traditore منیش کە لە زمانێکەوە وەرگێڕان بکەم، کە ئەویش لە زمانێکی دیکەوە وەرگێڕدرابێت، کەواتە خیانەتێکی دوانەییە، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە ناچاریی بوو، بەو پێیەی لە کلتوری عەرەبیدا، کە لە ئەنجامی هەژموونی پێشتری هەردوو زمانی فرەنسی و ئینگلیزییەوە بەهۆی کۆڵۆنیالیزمەوە، کەسێك نییە ئەڵمانی بەباشی بزانێت مەگەر زۆر کەم.

خۆ ئەگەر فرۆیدم وەرنەگێڕابایە و کەسی دیکەش لە فرەنسیی، یان ئینگلیزییەوە ئەم کارەی نەکردبایە، ئەوا زمانی عەرەبی بەبێ فرۆید و بێ شیکاری دەروونیی دەمایەوە، ئەمەش شتێکی قبوڵکراو نییە. گەرچی خیانەتێکی دوولایەنەم کرد، بەڵام پێموایە خزمەتێکی پێویستم بەکلتوری عەرەبی کرد10



مستەفا لوتفی مەنفەلووتی بێ ئەوەی زمانی فڕەنسی بزانێت، ئەدەبی لە فڕەنسییەوە وەردەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی! چوار ڕۆمان و هەندێك چیرۆکی وەرگێڕان، بێ ئەوەی هەندێك جار ناوی نوسەرەکەشیان بهێنێت. ئەو لە وەرگێڕاندا پشتی بەو هاوەڵانەی دەبەست، کە فڕەنسییان دەزانی، ڕۆمانەکەیان بەزارەکی بەزمانی عەرەبی بۆ دەگێڕایەوە، یان بۆیان دەنووسی، ئیدی ئەو بەخامەی ڕەنگین و بەزمانە بەبڕشت و جوانەکەی دایدەڕشتەوە، بەڵام ڕەنگوبۆی زمانی یەکەم و شێوازی نوسینی لە بابەتی نوسەرەکە بەیەکجاری دادەماڵی. ئەو بەمە ناپاکییەکی گەورەی لە هونەری وەرگێڕان کرد، بەڵام بازی بەزمانی عەرەبی دا و پەخشانی عەرەبیی بەرەوپێش برد.

هەڵبەت وەرگێڕی ناکارامە و دوور لە ئیشق و بێدەربەست و خەمنەخۆری تر هەن بەزۆر خۆیان دەخەنە ناو بواری وەرگێڕانەوە و لەکاتی وەرگێڕاندا بەکەیفی دڵی خۆیان دەستکاریی دەق دەکەن و لێیدەقرتێنن، یان هەندێك جار لای خۆیانەوە شتی دەخەنە سەر، تا ئەو ڕادەیەی کۆتاییەکەی بەبارێکی تردا دەبەن و ئەو مافە بەخۆیان دەدەن، چون دانەری ئەو تێکستەبن ئاقاری ڕۆمانەکە دەگۆڕن.

یەکێك لەو نوسەرانەی تابڵێی ناودارە و ڕۆمانەکانی بۆ زۆربەی زمانانی دنیا وەرگێڕراون "ئیزابێل ئەلندی"یە.

هەموو دەزانین ئەم نوسەرە چ پێگەیەکی جیهانیی لە ئەبدا گرتووە و گشت دنیا دانی بەڕۆمانە پڕ لە داهێنانەکانیدا ناوە، کە هەر بەڕاستییش شایانییەتی.

کەم کەس دەزانن لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستدا وەکو وەرگێڕێك لە ئینگلیزییەوە بۆ ئیسپانی وەرگێڕانی دەکرد. مخابن، پاشان دەرکەوت ئەم وەرگێڕە بەئارەزووی دڵی خۆی دیالۆگی نێوان کاراکتەرەکان دەگۆڕێت و ئەوی خۆی بەشیاوی بزانێت ئەوە دەنووسێت!

هەر بەوەندەوە نەدەوەستا، بگرە کۆتاییی هەندێك لە ڕۆمانەکانیشی دەگۆڕی. چارەنووسێکی بەکاراکتەرەکان دەبەخشی جیا لەوەی ڕۆماننووس بۆی دانابوون. پاساویشی بۆ ئەمە ئەوەبوو لە ڕۆمانەکە جوانتر و شیاوتری دەکات. ئەمەش وای لە بڵاوکارەکەی کرد سزای بدات و لە کارەکەی دەریکات، چونکە بەڕێساکانی وەرگێڕانەوە پابەند نەبوو، ئەگەر زوو بڵاوکارەکە ئاگەدار نەبوایەتەوە و پێی نەزانیبایە، ئێستا لەگەڵ کاروانی وەرگێڕاندا بەردەوام دەبوو.

ڕەنگە ئەمە چێژ و چەشەی وەرگێڕان بێت، وای لە خاتو ئەلندی کردبێت، ئەو مافەی بەخۆی دابێت دەسکاریی کۆتاییەکان بکات و لەکوێ بەدڵی نەبووبێت بیبڕێت و دیالۆگی خۆی تێ بئاخنێت و بیسەپێنێت.

هەڵبەت هەمیشە نوسەری ڕاستەقینە، نوسەری دڵسۆز بەئەدەب و ژیان، لە هەر بارودۆخێکدا بێت، هەرگیز ڕێگە بەخۆی نادات، بەناپاکی دەست بۆ حورمەتی دەق ببات و لە ماناکەی لابدات.

هەر لەم بوارەدا کاتێك بۆدلێر قەلەڕەشی ئەدگار ئالان پۆی وەرگێڕا پتر بۆدلێری تێدا دەبینرا، نەك ئالان پۆ، هەژاریش بەوەرگێڕانەکەی چوارینەکانی خەیامی بەهەمان دەرد بردووە. لە گەلێك شوێن دەبینین ئەوە هەژاری وەرگێڕە دەدوێت نەك خەیامی شاعیر خۆی.

ئانا ئەخمەتۆڤای شاعیری ڕووس (1889زـ1966ز)، کە بەناودارترین شاعیری ڕووس لە سەدەی بیست دادەنرێت، ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی وەرگێڕانی شیعری بیانی بوو بۆ سەر زمانی ڕووسی. دوای ئەوەی لە ڕێژیمی سەرکوتکاری سۆڤیەت دەستوور درا لەبەر هۆکاری سیاسی ڕێ لە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی بگیرێت و بڵاونەکرێنەوە. لە هەمانکاتدا مێردی یەکەمی لەسێدارە درا و دووەمین پیاویشی لە زیندان سەرینایەوە و کوڕەکەشی ماوەیەکی زۆری لە گرتیگەکاندا بەسەربرد.

دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتی ئەوسا بڵاوکردنەوەی دیوانە شیعرەکانیان لێ قەدەغەکرد، تەنیا لەبەرئەوەی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای باودا نەدەگونجا. تەنیا ئەوەندە ڕێیاندا ژمارەیەکی کەم لە شیعرەکانی ناوبەناو بڵاوبکاتەوە. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەمە، ئەخمەتۆڤا توانای خۆی بۆ وەرگێڕانی شیعری بیانی بۆ ڕووسی تەرخانکرد، ئەوەبوو لەم بوارەدا گەلێك شیعری چینی و کۆری و میسریی کۆنی بۆ زمانی ڕووسی وەرگێڕا، هۆکاری ڕاستەوخۆش لەپشت ئەمەوە حەزی وەرگێڕان نەبوو، بەڵکو پێویستیی ئەو بوو بەپارە، دوای ئەوەی گشت دەرگەکان بەڕووی دا داخرابوون.

پێوەندیی ئەخمەتۆڤا بەوەرگێڕانەوە ئەرێنی نەبوو، بەڵکو ناچاریی بوو،

بێگومان ئەو شیعرانەی ئەو وەریگێڕابوون بەلوتکەی داهێنان لە وەرگێڕانی شیعر دەژمێررێن، چونکە توانی هاونەواییەك لەنێوان بەهرەی خۆی وەکو شاعیرێك لەگەڵ وەرگێڕانەکانیدا چێبکات، بێ ئەوەی تایبەتمەندیی شاعیرە بیانییەکە ونبکات، یان بشێوێنێت. ئەوەبوو لەو نێوەدا بیست هەزار دێڕی نزیکەی 150 شاعیری لە کلتووره جیاوازەکاندا وەرگێڕا و هەرچی وزەی شیعریی خۆی هەبوو دەیدڵۆپاندە نێو ئەو شیعرانەوە.

ئەخمەتۆڤا نزیکەی پەنجا ساڵ لەنێو ڕەوشێکی پڕ لە زەبروزەنگی ئایدیۆلۆژیدا، کە خۆی و خێزانەکەی گرفتاری بوون، مژووڵی وەرگێڕان بوو. ئەو بێزارییە وای لێکرد، ئەو پیشەیەی هەرگیز حەزی پێ نەدەکرد بەجوانترین شێوە بەڕێوەببات. هەرچەندە جاڕس و وەڕس ببوایە و پێویستی بەچارەسەری دەروونیی ببوایە، دەکەوتە وێزەی وەرگێڕانی شیعر و تاکو هێزی تێدا بمایا خەریکدەبوو!11

تایبەتمەندیی لە وەرگێڕاندا، کە لای ئێمە ئەمەیان دەگمەنە و هەر شاعیر و چیرۆکنووس و شانۆکار و ڕۆماننووس و کێ و کێ هەن بەپاڵ کاری خۆیانەوە دەست بۆ حورمەتی وەرگێڕانیش دەبەن، وەك ئەوەی وەرگێڕان کارێکی لابەلا بێت و کاتێکی تایبەت نەبێت بۆ وەرگێڕان، بەڵکو هەردەم بۆشاییەکی هەبوو و شیعر یان چیرۆکی بۆ نەهات، دەبێت کاری وەرگێڕان بکات، کاتێکیش سەبارەت بەوەرگێڕان و هونەری وەرگێڕان پرسیاری لێدەکەن هیچ کات خۆی وەکو وەرگێڕ ناناسێنێت، یانی وەرگێڕان بەکاری سەرەکیی خۆی نازانێت و ئەودەمی هەمبەر وەرگێڕان بەپرسیار گەمارۆ بدرێت، زۆر بەئاسانی دەڵێت من هیچ کات خۆم بەوەرگێڕ نەزانیوە!

هەموو ئەمانە بێبایەخیی دەگەیەنن لە ئاست وەرگێڕاندا. ئەفسووس لای خۆمان بایەخی پێویست بەوەرگێڕان نەدراوە و تاکو ئێستاش وەك کاری لابەلا و ناسەرەکی تەماشا دەکرێت. کەچی لە وڵاتانی پێشکەوتووی وەك ئەوروپا و ئەمریکا بەو هەموو زانست و ئەدەبەی هەیانە، ئینجاش هیچ کات سڵ لە وەرگێڕانی بەرهەمی ئەوانی دی ناکەنەوە و بەها و نرخی گەورە بۆ وەرگێڕان دادەنێن.

کاتی خۆی کەسانی وەرگێڕ لای خەلیفەکانی عەباسی هێند مایەی متمانە و بایەخ بوون، یەکێکی وەکو خەلیفە مەئموونی عەباسی، حونەین بن ئیسحاق (810ز_873ز) ی کردە پزیشکی تایبەتی خۆی و ئینجاش کردی بەسەرۆکی (بیت الحکمە). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت وەرگێڕانەکانی چەند جێگەی متمانە و سود و بایەخی زۆر بوونە. حونەین یەکێك بوو لە گەشترین و ناودارترین وەرگێڕی دنیای ئیسلام لە سەردەمی عەباسیدا، ئەو یەکێك بوو لە کرستیانانی حیرە، کوڕی دەرمانسازێکی نەستووری بوو. جگە لە سریانی، عەرەبی، یۆنانی و فارسییشی دەزانی. پتر لە 100 کتێبی وەرگێڕاوە. ئەو پێش پتر لە هەزار ساڵ سەبارەت بەوەرگێڕان وتوویەتی "تەنیا زانینی زمان و بابەت بەس نییە، بەڵکو ناسینی نوسەریش پێویستە و وەرگێڕ دەبێ ئاگاداری نووسین و شێوازەکەی بێ".12

بەپێی ئامارێکی یۆنسکۆ هەمبەر قەبارەی وەرگێڕان لای خۆمان و لای ئەوان، تووشی شۆك دەبین کاتێك چاومان بەو ژمارانەی لای ئەوان و ئەوانی لای خۆمان دەکەوێت.

لەو ئامارەدا هاتووە: ئەوی لە سەردەمی خەلیفە مەئموونی کوڕی ڕەشیدەوە وەرگێڕراوەتەوە سەر زمانی عەرەبی، واتە لە ساڵی 1813ز وە تاکو ئێستا دە هەزار کتێبی تێنەپەڕاندووە. هەڵبەت ئەم ژمارەیە یەکسانە بەوەی لە وڵاتێکی وەکو ئیسپانیا لە یەك ساڵدا وەریاندەگێڕێت. ئەوی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان پێکەوە لە ساڵێکدا وەریدەگێڕن، ناکاتە پێنج یەکی ئەوەی وڵاتێکی وەکو یۆنان بەتەنیا خۆی لە ساڵێکدا وەریدەگێڕێت.

لە جیهانی عەرەبدا لە ماوەی پێنج ساڵدا 4,4 کتێب بۆ هەر ملیۆنێك هاووڵاتیی عەرەب وەردەگێڕرێت، لە هەمانکاتدا لە وڵاتێکی وەکو هەنگاریا ئەو ڕێژەیە دەگاتە 519 کتێبی وەرگێڕراو بۆ هەر ملیۆنێك هاووڵاتیی هەنگاری.

ئامارێکی تر تیمێك لە توێژەران لەسەر داخوازیی "یەکێتیی وەرگێڕان" ئامادەیان کردووە سەبارەت بەکتێبی وەرگێڕراو لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و خانەکانی وەرگێڕان لە بەیروت لە ماوەی نێوان ساڵانی (2000_2009)دا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کتێبی وەرگێڕراو بۆ زمانی عەرەبی بەدرێژایی دە ساڵ (3000) سێ هەزار تێپەڕ ناکات، لەکاتێکدا لە ئیسپانیا لە ساڵێکدا دە هەزار کتێب وەردەگێڕرێت.

ژمارەی ئەو کتێبانەی وەرگێڕراونەتە سەر زمانی عەرەبی لە ساڵانی

(1970ز_2000ز) گەیشتووەتە 6881 کتێب، ئەمەش یەکسانە بەژمارەی ئەو کتێبانەی وەرگێڕراونەتە سەر زمانی لیتوانی، کە ژمارەیان 4 ملیۆنە.

بەگشتی سەرجەم کتێبی وەرگێڕاوی عەرەبی لە ماوەی دە ساڵدا ناگاتە ڕێژەی 1% ی ئەو کتێبانەی ساڵانە لە ئەمریکا دەردەچن.

لە وڵاتێکی (7) ملیۆنیی وەکو ئیسرائیل، ساڵانە (15000) کتێب وەردەگێڕرێن، کەچی لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکاندا، کە دانیشتوانیان خۆی لە (350) ملیۆن دەدات، ساڵانە تەنیا (330) کتێب وەردەگێڕرێن.

واتە لە سەردەمی خەلیفە (مەئموونـەوە تاکو ئەمڕۆ چەند کتێب وەرگێڕراونەتە سەر زمانی عەرەبی، لە ئیسرائیل ئەوە بەچوار ساڵ ئەنجامدەدرێت و لە وڵاتێکی وەکو ئیسپانیاش بەیەك ساڵ تۆڵەی دەکرێتەوە. گشت ئەو کاغەزانەی ساڵانە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بەکاردەهێنرێن، بەشی دەزگەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی فەرەنسی ناکەن.

هەڵبەت زیاتریش ناتەواوییەکە لەوەدایە ئەو کتێبە عەرەبییانەی وەرگێڕراون پتر ئەدەبین و بەکەمی کتێبی زانستییان تێدا بەدی دەکرێت. زۆربەی زۆری ئەو کتێبانەی لە سەدەی نۆزدەدا عەرەبەکان وەریانگێڕاون لە بەرژەوەندیی بواری ئەدەبدا بووە نەك زانست، بەپێچەوانەی وڵاتێکی بچووکی وەکو ژاپۆنەوە، هەر لەوکاتەدا زیاتر کەوتنە وێزەی وەرگێڕانی کتێبە زانستییەکان و تا ماوەیەك بارۆمەتری وەرگێڕانی ئەدەبی ڕوو لە داکشان بوو.

ئەمە هیچ نەگەیەنێت، نیشانەی ئەوەیە قەڵشتی جیاوازیی ژیاریی لە نێوان عەرەب (بەکوردیشەوە چونکە بەشێکی زۆری کەوتووەتە ناو ئەو جوگرافیایەوە) و ڕۆژئاوادا چەند لە بەرینی و فرەوانیدایە. هەڵبەت ئەمەش بەڵگەی ململانێی بوون و مانەوەیە لە ژیاندا.

پێشکەوتووترین و ڕۆشنبیرترین میللەتانی دنیا ئەوانەن، کە خۆیان لە قۆزاخەی ئەدەبەکەی خۆیاندا گرمۆڵە نەکردووە، بەڵکو پتر بایەخ بەوەرگێڕان دەدەن و کاری لەسەر دەکەن، دیارە ئەو میللەتانە بەزیندوویی دەمێننەوە، کە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە سوود لە ئەدەب و زانست و ئەزموونی میللەتانی دیکە دەبینن و بەردەوام بەدوای کەرەستەکانی گەشەکردن و پەرەپێدانی کلتووریی خۆیاندا دەگەڕێن، چونکە گۆڕان مەرجە بۆ مانەوە و پێشکەوتن. میللەتی کوردیش، چونکە میللەتێکی تازە لەسەر پێ وەستاوە، تابڵێی ئاتاجی بەکوردی کردنی کولتوری میللەتانی ترە، بەڵام نەك بەو شێوە هەرەمەکییەی ئێستا بەڕێوەدەچێت.

**پەراوێزەکان:**


1. blog-post_29.html/09/http://bekolwodoh.blogspot.com/2014

2. حەمەسەعید حەسەن، سانسۆری ئەدەبی، https://www.facebook.com/hemeseid.hesen/posts/561396857300915

3. صاحب الربیعی. فن الترجمە 2006/5/3 (ئینتەرنێت)

4. صاحب الربیعی. فن الترجمە 2006/5/3

5. فن الترجمە، ت: حیاە شرارە، منشورات وزارە الپقافە والفنون، العراق، 1979، بغداد، ص69.

6. ڕەسوڵی سوڵتانی: کارەساتەکانی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا، شوێن و ساڵی بڵاوکردنەوە (؟)

7. فن الترجمە، ت: حیاە شرارە، ص28.

8. ڕەسوڵی سوڵتانی: کارەساتەکانی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا (ئینتەرنێت)

9. بابەتێکی بڵاونەکراوەی مام هەژار. هەفتەنامەی باس ژمارە 270ی 2016/1/19

10. گۆڤاری دابڕان، ژمارە 4، ئەیلولی 2016، ل85.

11. د. عبداللە ابراهیم، لژە الترجمە وشقاۆها، جریدە الریاچ، العدد 16236 فی 2012/12/6

12. مێژووی وەرگێڕان، و: ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2011، ل146.







## نوێترین بڵاوکراوەی دەزگای ئایدیا



# عەبدوڵڵا پەشێو